کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# سەرۆك بارزانی و ستراتیژی نەتەوەیی كورد لەم قۆناغە دا ؟

**ستراتیژی بە مانای پلانێكی زانستی هەمە لایانە و درێژخایان كە لە هەموو بوارەكانی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وبەتایبەت هێزی چەكدارەوە خۆی ئەدۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندیەكانی وولات.**

**ئەگەر** ئێمە وەكوو نەتەوەێكی دابەش كراو بڕوانینە مێژووی نەتەوەكەمان و ئەو هەڵانەی كە كردوومانە، خۆی لە خۆیدا ئازموونێكی گەورەیە وە لە هەلوومەرجی ناسكی ئەمڕۆی كوردستاندا ئەتوانرێت كەڵكی لێوەرگیرێت بەباشی،

**سەرۆكی** هەرێمی كوردستان بەڕێز كاك مەسعود بارزانی لە لێدوانەكەی ئەم دواییەی سەبارەت بە كەركوك **و مادەی** ١٤٠ و دەست لێوەردانی توركیا لێ كەوتەوە و بۆ بە هەڵوێست بەڕێزیان كەلە كاتی وجێی تایبەتی خۆی دا بوو وپێویستێكی مێژوو بوو بۆ هەمووی ئەوانەیش كە چاوەڕوانی لۆزانێكی ترن بۆ كورد .

**ئەم** هەڵوێستە ستراتیژیەی سەرۆك بارزانی نیشانی دا كە كورد گەیشتووەتە قۆناغی جیاواز لە سیاسەتی كۆن و كلاسیكی كە داگیر كەرانی كوردستان هێشتا لە ساڵەكانی ١٩٢٣ و دوای شەڕی یەكەمی جیهانی دان ... ئەژین.

**لەم ڕووەوە** پێویستی مێژوویی و كەوتووەتە سەر شانی ڕۆشنبیرانی كوردو مەڵبەندەكانی ڕۆشنبیری و سیاسی و میدیاكانی كوردستان بۆ ڕوونكردنەوەی **ستراتیژی نوێ** ی كورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. كە بتوانن لە بەرامبەر ناحەزانی و دوژمنانی نەتەوەكەمان بێ هەڵوێست نەبین و هەڕەشەی میدیاكانی تورك و داگیر كەران بە تایبەت و بۆ پەڕچدانەوەی پێویستە پلانی میدیایی و ڕۆشبیری سیاسی وكۆمەڵایەتی ئامادەكراو هەبێت بۆ هەربابەتێك وئەگەرێكی پێویست لە كاتی خۆیدا.

**بەبێ پلانی** میدیای كوردی بە گشتی تا ئێستا لە دەستی كەسانێكن كە هێشتا خۆیانیان بۆ ئەم ڕۆژانە ئامادە نەكردووە حكومەتی هەرێمیش پێویستە هەنگاویی ڕاستەو خۆ و ڕاگەیاندنی كوردی بە كۆرسی میدیایی و سیاسی ئامادەكراو و ڕاوێژكاری تایبەتی هەبێت بۆ زۆربەی ئەركەكانیان وپێش خستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا.

**بۆ نموونە** دوای لێدوانەكەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە كەركووك میدیاكانی و ڕاگەیاندنی تورك بە هەموو زمانەكانی جیهان و لە وەزارەتەكانی دەرەوەو وەزارەتی شەڕوو و دیفاعی و سەرۆك وەزیران و ئەندامانی جەیشی تورك و ئاسایشی نەتەوەیی تورك تا ئاو ڕادەیە هەڵەژان كە لە كەمتر لە ٢٤ كاتژمێردا زۆرتر لە ٢٠٠٠ ووتارو لەو بارەیەوە بڵاو كراوەتەوە كە سەرتاپایان زۆر ووتەكانی سەرۆك بارزانیان بە توندی باس كرد بوو كە دوور بوون لە حەقیقەت ....؟؟ !!!!

**بە داخەوە** ڕۆژنامەكان و ڕاگەیاندنی كوردیش هەر بە شێوێن بابەتێكان كە دەیان جار باسیان لێكردووەو بڵاوكراوەتەوە. ئەمە لە خۆیدا نیشان ئەدات دەوری خۆیانیان نیە لە ڕووداوەكاندا و بێپلانن و بێ ڕاوێژكار و چاودێری میدیایین، هیوام وایە بە بیرێكی سەردەمیانە دەوری خۆیان ببینن ئەگەریش وەكوو پەڕچدانەوەی میدیایی بێت.

ڕاوێژكار و ئەندازیار: كەمال نەجمەدین (ئەدەبی كورد)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com